# بۆچی ئەسپی ئاوی موی نیە

Basilio Gimo, David Ker
Carol Liddiment
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 2

(utan bilder)

ڕۆژێکیان کەروێشك بە لێواری رووبارێک دا رۆیشت.

هەروەها ئەسپی ئاوییش لەوێ بوو. ئەو چوو دەورێکی لێدا و
هەندێک گیای سەوزی جوانی خوارد.

ئەسپی ئاوی بەر پێی خۆی نەبینی و بە بە خۆی نەبوو کە پێی
لە سەر پێی کەروێشک دانا. کەروێشك قیژاندی وهاواری کردە
ئەسپی ئاوی : "هۆی ئەسپی ئاویی! نابینی پێت لەسەر پیێ
من داناوە؟"

ئەسپی ئاویی داوای لێبوردنی لە کەروێشك کرد: “من غەمگین بە وەی، هاورێی من تۆم نەبینی، تکایە بمبوورە!” بەڵام کەروێشکەکە نەیدەویست گوێ بگرێ، بەسەرئەسپی ئاوییدا هاواری کرد: “تۆ بە ئەنقەست وات کرد! ڕۆژێکی وا دێ کە دەیبینی! دەبێ سزای خۆت وەرگری!”

کەروێشك ڕۆیشت و ئاگری دۆزێیەوە و پێی گوت: “بڕۆ ئەسپی ئاویی بسووتێنە کاتێك لە ئاوەکە دێتە دەرێ بۆ خواردنی گژوگیا. ئەو پێی لەمن نا!” ئاگر وەڵامی دایەوە: “هیچ کێشە نیە، کەروێشکی هاوڕێم. من ڕێك ئەو کارە دەکەم کە تۆ داوات لێ کردم.”

پاشان ئەسپە ئاوییەکە لە قەراغ ڕووبارەکە گژوگیای دەخوارد، لە ناکاو بڵێسەی ئاگر هەستا. بڵێسەی ئاگرەکە دەستی بە سوتاندنی مووەکانی ئەسپە ئاوییەکە کرد.

ئەسپە ئاوییەکە دەستی بە گریان کرد و بەرەو ئاوەکە هەڵات. هەموو مووەکانی بە ئاگرەکە سوتابوو. ئەسپی ئاوییەکە گریا: “مووەکانم لە بە ئاگرەکە سوتان! تۆ هەموو مووەکانمت سوتاند! مووەکانم لە ناو چوون! مووە جوانەکانم!”

کەروێشك خۆشحاڵ بوو بە وەی مووەکانی ئەسپی ئاویی سووتان. لەو ڕۆژەوە ئەسپی ئاویی لە ترسی ئاگر لە ئاوەکە دوور نەکەوتووەتەوە.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## بۆچی ئەسپی ئاوی موی نیە

Skriven av: Basilio Gimo, David Ker
Illustrerad av: Carol Liddiment
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.